# قۆپیەکردنی رۆژنامەنووسێک (راپۆرت یان قۆپیەکردن، روونکردنەوەیەک بۆ شاسوار مامە)



شەممە 2.1.2011

دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

دوای نووسینی ئەو بابەتەی خوارەوەم لە رێکەوتی (23.10.2010)دا لەسەر تاوانەکانی تۆمەتبار عەباس بایز باڵو ئاغای سەرۆک جاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان و بڵاوکردنەوەی لە هەندێک لە ماڵپەڕە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا، کەسێک بەناوی راپۆرتی شاسوار مامە لە رێکەوتی (21.12.2010)دا لە لاپەڕە (20)ی ژمارە (613)ی رۆژنامەی (رۆژنامە)دا لەژێرناوی (بەتۆمەتی داڵەدانی راوێژکارانی بەعس، سکاڵا لەسەر بارزانی تۆماردەکرێت رۆژنامە ناوی ئەو پێشمەرگەو هاووڵاتییانە بڵاودەکاتەوە کە دوو موستەشاری بەعس تۆمەتبارن بە کوشتنیان)دا، بڵاوکردۆتەوە کە نزیکەی نیوەی نووسینەکەی هی بەندەیەو لە هەندێک شوێن بە گۆڕینی ووشەیەک یان جێگۆڕکێی ووشەکان بەناوی خۆی بڵاوی کردۆتەوە.

لە بابەتەکەی خۆمدا کە بەشێکی بچووکی پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)ە، ئاماژەم بەتەواوی سەرچاوەکان داوە، جگە لەو زانیارییانەی کە بە تەلەفۆن لە کوردستان، هەندەران و دانیمارک لە بنەماڵەی شەهیدەکان یان ناسراوانیان وەرم گرتوون، ئەویش لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەی شەهیدان و هاوڕێ پێشمەرگەکانی شەهیدەکان پێیان خۆش نەبوو، وەکو سەرچاوەی زانیارییەکان ناویان بهێنم. بەڵام شاسوار مامە تەنانەت ئاماژەی بەناوی یەک سەرچاوەش نەکردووە، سەرەڕای ئەوەی لە شوێنێکدا نووسیویەتی: بەپێی سەرچاوەکان، عەباس بایز باڵو ئاغا بەشداریکردووە لە ئەنفالەکانی (1، 2، 5، 6، 7)، کەچی ناوی سەرچاوەکەی نەنووسیوە!

ئەوەی شاسوار مامە بەناوی راپۆرت بڵاویکردۆتەوە، رێک قۆپیەکردنی بابەتەکەی بەندەیەو بەناوی خۆیەوە لە رۆژنامەی رۆژنامەدا بڵاوی کردۆتەوە. بۆ سەلماندنی قسەکانی خۆم وا تەواوی بابەتەکەی خۆم لە خوارەوەدا بڵاودەکەمەوە، هەروەها لەهەر شوێنێک نووسینەکەی منی وەرگرتبێ بە رەنگی سەوز نووسینەکەی خۆمم لەپێشدا رەنگ کردووەو لەژێریشەوە نووسینەکەی شاسوارم نووسیوەتەوەو بە رەنگی سوور رەنگم کردووە، با خوێنەران دوای خوێندنەوەی ئەو بابەتە، بڕیاری خۆیان بدەن کە ئایا بەناو راپۆرتەکەی ئەو راپۆرتە و شتێکی نوێی تێدایە، یان قۆپیەکردنی بابەتەکەی بەندەیە؟

بێگومان بابەتەکەی بەندە هەندێک هەڵەو کەموکوڕی تیابوو کە دواتر چاکم کردوون، کە لێرەدا تەواوی راستکردنەوەو کێماسییەکان لەژێر نووسینەکەی ئەودا، رووندەکەمەوە.

دوای ئەوەی برادەرێک لە کوردستانەوە بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم و بۆمی باسکرد کە لە رۆژنامەی رۆژنامە بابەتێک لەسەر عەباسی بایزی باڵو ئاغا نووسراوە، بەڵکو سوودی هەبێت بۆ نووسینەکەی بەندە، ئەوەبوو دوای چەند کاتژمێرێک چوومە سەر ئینتەرنێت و رۆژنامەی ناوبراو و بەناو راپۆرتەکەم بینی، بەجارێک سەرم سوڕما لەو کارەی بەناو ئەو رۆژنامەنووسە! کورتە نامەیەکم بە ئیمێڵ بۆ شاسوار و رۆژنامەی رۆژنامە نارد و داوای ئەوەم لێکرد، کە سەرەڕای ئەو کارەی، با بابەتەکەی بۆ هەندێک لە ماڵپەڕەکان بنێرێت و ئاماژە بەوە بدات کە سوودی لە بابەتەکەی بەندە وەرگرتووە بۆئەوەی هیچ گلەییەکم لێی نەمێنێ و نیگەرانیم بڕەوێتەوە. بەڵام ئەمە دەقی وەڵامی بەناو شاسواری راپۆرت نووسە: (یەکەم جارە من جەنابتان بناسم و ئاگاداربم کە کەسێک هەیە ناوی بەڕێز (دەرسیم دیبەگەیی) بێت، ئەسڵەن من نازانم ئێوە کارتان چییە! ئەزیزم من نازانم تۆ چیت نووسیوە و کەی بابەتی پەیوەندیدارت بڵاوکردۆتەوە، من تەواوی ئەو زانیارییانەم لە کەسوکاری قوربانییانی سەنگەسەر وەرگرتووە، هیچ زانیارییەکم لە تۆ وەرنەگرتووە ... رەنگە ئەو سەرچاوانەی تۆ زانیاریت لێی وەرگرتووە بەشێکی نزیک بێت لەو سەرچاوانەی من زانیاریم لێی وەرگرتووە ... هیوادارم سەرکەوتوو بیت. شاسوار مامە – رۆژنامەنووس).

ئەوەی خۆم رقم لێی بێتەوەو حەزی پێنەکەم کێشەی نێوان نووسەران، رۆژنامەنووسان، سیاسەتمەداران و رۆشنبیرانە کاتێک کە لە میدیاو رۆژنامەکاندا یەکتر تۆمەتبار دەکەن، یان دەڵێن لە فلان شوێن فلانە نووسەر،

رۆژنامەنووس یان سیاسەتمەدار واو وای گووت، کەچی ئەوەی تر وەڵامی دەداتەوە و قسەکانی ئەوەی پێسوو رەتدەکاتەوە. بەڵام ئەوەیان بەقسە نییە تاوەکو کەس نەزانێت کێ راستەو کێ راست نییە، با خوێنەران دوای خوێندنەوەی بابەتەکەی شاسوار و بابەتەکەی بەندە خۆیان بڕیار بدەن، کە ئایا بەندە لەخۆڕا ناوبراو تۆمەتبار دەکات بە قۆپیەکردن یاخود ئەوە راستییەکەو ناوبراو کارەکەی ئەنجام داوە! فەرموون ئەوەی خوارەوە دەقی بابەتەکەی بەندەیە، کە لە رێکەوتی (23.10.2010)دا بڵاوم کردۆتەوە، هەروەها قۆپیەکەی شاسوار مامەشم بە رەنگی سوور نووسیوەتەوە، لەگەڵ راستکردنەوەی هەڵەکانی پێشووم و پڕکردنەدەی ئەوەندەی بۆم کرابێت لە کێماسییەکانی بابەتەکەم.

## هەر سەرۆک جاشێک ژیانی زۆرتر لە هەزار کوردی لە مردن پاراستووە، عەباسی بایزی باڵو ئاغا وەک نموونە! بەشی چوارەم

ئیبراهیمی شێخ نەسرەدین بەرزنجی سەرۆک جاشی فەوجی (102)ی جاشە سووکەکان، لە روونکردنەوەیەکدا کە لە رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (651)ی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (4.8.2010)دا، کە لە لاپەڕە (17)دا بڵاوکراوەتەوە، باسی ئەوە دەکات کە هەر سەرۆک جاشێکی سەدام و بەعس توانیوێتی لە سەروو هەزار کورد بپارێزێت لە مردن و تیاچوون. سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ناوونیشانی ووتارەکەم لە لێدوانەکەی ئەو وەرگیراوە، پاشانیش دەمەوێت چەند نموونەیەک هەڵبژێرم لەو سەرۆک جاشانەی سەدام کە گوایە بە قسەی سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو ژیانی هەزار کوردیان پاراستووە، با بزانین قسەی سەرۆک جاشی ناوبراو وا دەردەچێت یان نەک پێچەوانە بەڵکو هەندێک سەرۆک جاش بە دەیان و سەدان هاوولاتی و پێشمەرگەیان شەهیدکردووە!

پێویستە ئەوە بڵێم، سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە هەر هەڵەیەک یان ناتەواوییەک لە نووسینەکانمدا هەبێت، هەوڵی راستکردنەوە و پڕکردنەوەی ناتەواوییەکان دەدەن، چونکە بەدڵنیایی نامەوێت شتێک بنووسم کە وانەبێت، ئەگەر هەر هەڵەیەکیش لە نووسینەکانمدا هەبێت بەزووترین کات هەوڵی راستکردنەوەی دەدەم، بەڵام کاتێک کە هەڵەیەکی بێ مەبەست روودەدات و خۆم پێم خۆش نییە، کەچی کەسانێکی پاشەڵ پیس و گەورە بوو لە تەوێڵەی جاشایەتی بیانەوێت قسەی ناشیرینم پێ بڵێن (کە جاشی دۆڕاو هەر جاشە لە هەر کوێیەک بێ)، تەنیا پەندێکی (ئاری)یان بە نموونە بۆ دێنمەوە کە دەڵێت: (هیچ بەرکەوتنێکی ئەو جۆرە کەسانە نامشکێنی، نەک لەبەرئەوەی لە پۆڵا دروست کرابم، بەڵکو ئەوەی کە زامدارم دەکات، ئەوەندە ناهێنێ لەپێناویدا بشکێم).

لە بەشی چوارەمدا، عەباسی بایزی باڵو ئاغا وەکو نموونە دێنینەوە، کە بەمشێوەیە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)دا باسی کراوە.

عەباس بایز باڵو ئاغا، راوێژکاری فەوجی (91)ی فەوجە سووکەکان بوو، کە فەوجەکەی لە ساڵی (1986)دا دامەزراند بەڵام پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (9)ی سەربە ئیستخباراتی قەلادزێی هەبووە. عەباس بایزی باڵو، وەکو فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات و سەرۆک جاشێکی دڵسۆزی بەعس و سەدام کۆمەڵێک تاوانی زۆری ئەنجام داوە، کە بەشێکیان ئەمانەن:

شاسوار مامە: (عەباس بایز باڵو ئاغا، راوێژکاری فەوجی (91) بوو کە فەوجەکەی لە ساڵی (1986)دا دامەزراند، بەڵام پێشتر مەفرەزەیەکی تایبەتی ژمارە (9)ی سەر بە ئیستخباراتی قەڵادزێی هەبووە. عەباس بایز، وەکو فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخباراتو دڵسۆزێکی سەدامو بەعس تۆمەتبارکراوەبە ئەنجامدانی تاوانێکی زۆر کە ئەوانە بەشێکیانن):

شەهیدکردنی دوو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رێکەوتی (25.6.1977)دا لە گوندی ماخۆبزنان لە بۆسەیەکی جاشەکانی عەباسی بایزی باڵودا، بەناوەکانی عومەر عەبدوڵڵا عومەر مەلا باوانێیی و کانەبی رەسوڵ

کانەبی ناودەشتی، هەروەها بریندارکردنی پێشمەرگەیەکی تر بەناوی عەبدوڵڵا حاجی شێخە عەبدوڵڵا گرتکی کە تا ئێستاکە لە ژیاندا ماوە.

شاسوار مامە: (کوژرانی (2) دوو پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە (25.6.1977)دا لە گوندی ماخۆبزنان لە بۆسەیەکی پیاوەکانی عەباسی بایز باڵو ئاغا، بەناوەکانی (عومەر عەبدوڵڵا، کانەبی رەسوڵ کانەبی ناودەشتی)، هەروەها بریندارکردنی پێشمەرگەیەکی تر بەناوی (عەبدوڵڵا حاجی شێخە گرتکی).

ئەوەی کە شاسوار مامە کردبێتی تەنیا گۆڕینی دوو بۆ (2)ە لەگەڵ شەهیدکردن بۆ کوشتن.

سەرۆک جاش عەباس بایز باڵو ئاغا، لە بۆسەیەکدا کادیری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و پێشمەرگە لەتیف عەبدوڵڵا ئیبراهیمی لە ساڵی (1978)دا لە نزیک ئاوایی بەستەسێن دەستگیرکردو رادەستی بەعسی کردەوە، کە دواتر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، پاشان حکومەتی سەدام لە ساڵی (1979)دا لە موسڵ خنکاندیان.

شاسوار مامە: (لە ساڵی (1978)دا عەباس بایز لە بۆسەیەکدا پێشمەرگەو کادیری کۆمەڵەی رەنجدەران (لەتیف عەبدوڵڵا) لە نزیک گوندی بەستەسێن دەستگیرکردو رادەستی بەعسی کردەوە، کە دواتر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو و رژێمی بەعس لەساڵی (1979)دا لە موسڵ خنکاندیان).

نەدەکرا رۆژی شەهیدبوونی شەهید (لەتیف عەبدوڵڵا) دەستکەوێت کە شەهیدی ناوبراو خەڵکی سەنگەسەر بووەو تۆش سەرچاوەی زانیارییەکانت سەنگەسەری بووینە؟ لێرەشدا شاسواری بەناو رۆژنامەنووس ووشەی ئاوایی بەستەسێنی گۆڕیوە بۆ گوندی بەستەسێن و حکومەتی سەدامیش بۆ رژێمی بەعس!

لە بۆسەیەکی جاشەکانی عەباسی بایزدا لە رێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی (دووگۆمان)ی پشدەر کە هێزێکی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بە سەرکردایەتی حاجی برایم شیرخۆر، کە ئەوکات ئەندامی سەرکردایەتی حزبی ناوبراو بوو کەوتنە ناو بۆسەکەو، عەباس ئاغای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (9)ی سەربە ئیستخباراتی قەڵادزێ و جاشەکانی توانیان نۆ پێشمەرگە بەدیل بگرن کە ئەمانە بوون: (حەسەن سوور ژاراوەیی، حەسەن حوسێن حەسەن پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حوسێن عەبدوڵڵا محەمەد، خدر حەمەسوور مستەفا پشدەری (خەڵکی دێی بادینی)، رەسوڵ سلێمان سەنگەسەری، محەمەد هەمزە قەجەر ژاراوەیی، مەحمود حاجی محەمەد عەبدوڵڵا پاچکاری، فەقێ عەبدوڵڵا فەقێ، عەبدوڵڵا هەمزە بێشیری و عەلی حەمەدئەمین خروێلکە – سوڵتانەدێ)، کە دواتر هەموویان لە رێکەوتی (30.12.1980)دا بەیەکەوە لە سێدارە دران، کە لە هەردوو مانگی نۆڤێمبەر و دیسێمبەری هەمان ساڵدا، بەندە ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی لە زیندانی قەسابخانەی موسڵ بینی، کە ئامۆزا و برایەکم لە رێکەوتی (29.10.1980)دا رەوانەی ئەو زیندانە کران، کە دواتر لە (21) و (26)ی مانگی مایسی (1981)دا لە سێدارە دران.

شاسوار مامە: (لە (17.5.1980)دا لە گوندی (دووگۆمان)ی پشدەر، هێزێکی پێشمەرگەی پارتی سۆسیالیست بە سەرکردایەتی (حاجی برایم شیرخۆر)، کە ئەوکات ئەندامی سەرکردایەتی ئەو پارتە بوو کەوتنە بۆسەی عەباس بایز فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (9)ی سەر بەئیستخباراتی قەڵادزێو پیاوەکانی توانیان (10) پێشمەرگە بە ناوەکانی: (حەسەن سور ژاراوەیی، حەسەن حوسێن حەسەن، حوسێن عەبدوڵڵا محەمەد، خدر حەمەسور پشدەری، رەسوڵ سلێمان سەنگەسەری، محەمەد هەمزە قەجەر ژاراوەیی، مەحمود حاجی محەمەد، فەقێ عەبدوڵڵا فەقێ، عەبدوڵڵا هەمزە بێشیری و عەلی حەمەدئەمین خروێلکە) بەدیل بگرنو دواتریش لە (30.12.1980)دا هەموویان لەسێدارەدران).

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم کە نووسیومە: (فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (9)ی سەربە ئیستخباراتی قەڵادزێ و جاشەکانی توانیان نۆ پێشمەرگە بەدیل بگرن)، کە لە راستیدا (10) پێشمەرگە بووینە و خۆم ناوی دە پێشمەرگەم نووسیبوو، کەچی لەبەرئەوەی سەرەتا ناوی نۆ پێشمەرگەم وەرگرتبوو بۆیە ئاماژەم بە دەستگیرکردنی نۆ پێشمەرگە کردبوو، بەڵام لەهەمانکاتدا ناوی هەر دە پێشمەرگەم نووسیوە. شاسوار مامە ناوی هەر دە پێشمەرگەی یەک لەدوا یەکی وەکو بەندە چۆنی نووسیوە، ئەویش ئاوای نووسیوە. جا نازانم خێرە بەبێ هیچ پاش و پێشییەک لە ناوەکان، شاسوار مامە ناوەکانی وەکو بەندە نووسیوەتەوە؟ دیارە ئەوە بەقسەی خۆی سەرچاوەکە لە سەنگەسەر وا ناوەکانی

بە هەردووکمان داوە، کە دڵنیام ئەو سەرچاوەکەی کە بەندە ناوەکانی لێوەرگرتووە نایناسێ، چونکە سەرچاوەکەی بەندە چەند کەسێکی قەڵادزەیی و کۆنە پێشمەرگەی سۆسیالیست بووینە کە دوانیان لە دانیمارک دەژین. دواتر نزانم شاسوار مامە ڕۆژی دەستگیرکردن و ڕۆژی لەسێدارەدانی ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی چۆن وەرگرتووە؟

شەهیدکردنی هاووڵاتییەک لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (9)ی سەربە ئیستخباراتی سەربازی قەڵادزێ، بەناوی مام کانەبی لە ساڵی (1980)دا لە پشت سەنگەسەر.

عەباسی بایز، لە مانگی ئابی ساڵی (1981)دا هەڵسا بە شەهیدکردنی سلێمان حەمەدئەمین (کێخوا سلێمان) موختاری سەنگەسەر لەپێناوی ئەوەی کێشە بخاتە نێوانی بنەماڵەی ناوبراو و بنەماڵەی حەسەنە گەورە.

عەباس ئاغای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (9)ی ئیستخباراتی قەڵادزێ، لە ڕێکەوتی (27.9.1981)دا مامۆستا ئەمین حەسەن ئەحمەد (ئەمینی حەسەنە گەورە)ی برای مستەفا حەسەنە گەورەی نووسەر و ئەندامی (ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید – چاک)ی لەناو شارۆچکەی سەنگەسەر شەهیدکرد، کە ناوبراو سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو.

شاسوار مامە: (هەروەها ئەو ڕاوێژکارەی بەعس تۆمەتبارە بە کوشتنی هاووڵاتییەک بەناوی (مام کانەبی) لە سەنگەسەر لە ساڵی (1980)و کوشتنی (سلێمان حەمەد ئەمین و کوێخا سلێمان) موختاری سەنگەسەر لە مانگی ئابی ساڵی (1981)و کوشتنی (ئەمینی حەسەنە گەورە) لە (27.9.1981) لە سەنگەسەر کە ئەندامی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو).

ئاخر باشە، ئەگەر ئەو ڕاست دەکات بۆ هەروەکو بەندە کە ئاماژەم کردووە بە شەهیدکردنی سلێمان حەمەدئەمین (کێخوا یان کوێخا سلێمان) کە ئەو کردوونی بە دوو کەسی جیا، کە مانگی ئابی ساڵی (1981)م نووسیوە، ئەویش هەمان مانگ و ساڵی نووسیوە بەبێ دەستنیشانکردنی مێژووەکە؟ خۆ ئەگەر بەندە بچوومایە سەنگەسەر بەدڵنیایی دەبوایە مێژووی شەهیدکردنی ئەو موختارە بدۆزمەوە. کە سەرچاوەکەی بەندە هەم لە دانیمارکە.

شەهیدکردنی دوو برا بەیەکەوە بە ناوەکانی ڕەسوڵ سلێمان مینەو حاجی سلێمان مینە، لەلایەن عەباسی بایزی باڵو ئاغاو جاشەکانی لە ساڵی (1982)دا لە گوندی گرتک.

شەهیدکردنی سەید حەسەنی دوکاندار (شیوعی) بە فەرمانی عەباس بایز ئاغا و لەلایەن جاشەکانیەوە لە بەردەم چاوی دانیشتوانی سەنگەسەر و ژن و منداڵەکانیدا لەکاتی خۆنیشاندانە سەرانسەرییەکەی باشووری کوردستان لە ڕێکەوتی (24.4.1982)دا بەبۆنەی حەوتەمین ساڵڕۆژی بۆردومانی شاری قەڵادزێ لە ڕێکەوتی (24.4.1974)دا، تەنیا لەبەرئەوەی بە عەباسی بایز ئاغاو جاشەکانی گووتبوو: (تەقە لەو خەڵکە مەکەن کە خۆنیشاندان دەکەن، بۆ تەقەیان لێدەکەن).

شاسوار مامە: (هەروەها لە (24.4.1982)دا لەساڵیادی بۆردوومانی شاری قەڵادزێدا لە سەنگەسەر سەید حەسەنی دوکاندار (شیوعی) بە فەرمانی عەباس بایز دەکوژرێت، بەهۆی ئەوەی داوای کردووە تەقە لە خۆپیشاندەران نەکەن، جگە لەوەی (2) برا بەیەکەوە بە ناوەکانی (ڕەسوڵ سلێمان مینەو حاجی سلێمان مینە) لە ساڵی (1982) لە گوندی گرتک دەکوژێت).

نەدەکرا ئەو ڕاپۆرتنووسە ناوی سیانی و تەواوی شەهید حەسەن دوکاندار و ناوی باپیری ئەو دوو برا شەهیدەی گوندی گرتکی لە سەرچاوەکەی سەنگەسەری وەرگرتبایە؟ ئەگەر ئەوکارەی بکردایە، بەناو ڕاپۆتەکەی ئەو بۆ بەندەش سوودبەخش دەبووا! نەک تەنیا دوو–مان بۆ بکات بە (2) و شەهیدکردن بکات بە کوشتن!

شەهید کردنی قادر لاجانی کوردی ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی (1982)دا، لەلایەن عەباسی بایزی باڵو بە بەرچاوی ژن و منداڵەکانی لە سەنگەسەر و بریندارکردنی میوانێکی شەهیدی ناوبراو کە خەڵکی مەهاباد بوو و لە ئەنجامی سەختی برینەکەی قاچێکی برایەوە.

شاسوار مامە: (لەلایەکی ترەوە عەباس بایز باڵو ئاغا، تۆمەتبارە بە کوشتنی قادر لاجانی کوردی ئاوارەی خۆرهەڵاتی کوردستان بەبەرچاوی ژن و منداڵەکانی لە سەنگەسەر لەساڵی (1982)داو بریندارکردنی میوانێکی ناوبراو کە دواتر بەهۆی برینەکەیەوە قاچی برایەوە).

باشە بۆ تەنیا ئەو زانیارییانەی بەندە نووسیویتی، شاسوار مامە هیچ زانیارییەکی لە بەندە زۆرتر لەناو سەنگەسەر لەسەر شەهیدەکانی سەنگەسەر و دەوروبەر وەرنەگرتووە؟ نەک تەنیا سەبارەت بە شەهید قادر لاجانی و برینداربوونی سەید عەلی هاشمی، بەڵکو سەبارەت بە شەهیدەکانی سەنگەسەر و پشدەریش زانیارییەکانی هەر هەمان زانیاری بەندەن جار جاریش بە ئەنقەست ناوی باپیریانی نەنووسیوە، بۆئەوەی رێک وەکو ئەوەی بەندە نەبێت! لێرەدا گورینی رۆژهەڵاتی کوردستان بە خۆرهەڵاتی کوردستان یان بەکارهێنانی کوشتنی لە بری شەهیدکردن و پیاوەکانی عەباس لەجیاتی جاشەکانی عەباس، هیچ لە قۆپیەکردنی ئەو بەناو رۆژنامەنووس و راپۆرتنووسە ناشارێتەوە! باشە بۆ شاسوار مامە هەمان هەڵەی بەندەی دووبارە کردۆتەوە سەبارەت بە مێژووی شەهیدکردنی قادر لاجانی و ناوی بریندارەکەم نەبردووە، ئەویش ناوی بریندارەکەی نەبردووە! دواتر بە تەلەفۆن هەم قسەم لەگەڵ سەید عەلی هاشمی و هەم لەگەڵ ئیبراهیم لاجانی برازای قادر لاجانی کردو ناوی تەواوی شەهیدەکە و بریندارەکە و مێژووی تاوانەکەم لێیان وەرگرت کە رێکەوتی (30.8.1984) بووە نەک ساڵی (1982)، کە هەردوو وتارە کۆنەکە و نوێکە کە زانیاری نوێتر و راستکردنەوەکانی تێدایە لەگەڵ کورتە نامەکە بۆ شاسوار مامەم ناردن.

عەباسی بایز ئاغا، لە رێگای سیخورێکەوە بەناوی جەلال حەمەدئەمین سەروچاوەیی، دوو پێشمەرگەی چاونەترس و ئازای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کە ئامۆزا بوون بەناوەکانی شەهید محەمەد حەسەن ئەحمەد و حەسەن حوسێن ئەحمەدی لە رێکەوتی (23.7.1983)دا لە نزیک گوندی سەید ئاوای رانیە شەهیدکردن، کە براو ئامۆزای مستەفای حەسەنە گەورەن. دواتر عەباس بایز ئاغا، هەر خۆی جەلال حەمەدئەمین سەروچاوەیی سیخوڕ و بکوژی ئەو دوو پێشمەرگەیەی کوشت.

شاسوار مامە: (لە (23.7.1983)دا عەباس بایز و سیخورێک بەناوی (جەلال حەمەدئەمین سەروچاوەیی)، (2) پێشمەرگەی یەکێتی کە ئامۆزا بوون بەناوەکانی (محەمەد حەسەن و حەسەن حوسێن) لە گوندی سەیدئاوای رانیە دەکوژن).

پێموایە بەمەبەستی رتووشکردنی راپۆرتەکە و نەناسینەوەی قۆپیەکردنی زانیارییەکانی بەندە، شاسوار مامە ناوی باپیری ئەو دوو شەهیدەی نەنووسیوە کە ئامۆزای یەکن و باپیریان ناوی ئەحمەدە و برای مستەفا حەسەنە گەورەن، پێویستیش بەوە ناکات باسی ئەوە بکەم زانیارییەکانم لە کێ وەرگرتووە.

عەباس بایز باڵو ئاغا، لە ساڵی (1984)دا و لە کاتی گفتوگۆی یەکێتیی و بەعسدا، دوو پێشمەرگەی یەکێتیی لە دەربەندی رانیە شەهیدکرد، کە پێشمەرگە بوون لای عەبدوڵلا عەلی ئیبراهیم حوسێن ناسراو بە عەبدوڵلا مام عەلی رانیەیی، کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە لەسەر لیستی کوردستانی نوێنەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

شاسوار مامە: (لە ساڵی (1984)دا عەباس بایز لە دەربەندی رانیە (2) پێشمەرگەی یەکێتی کە لای عەبدوڵڵای مام عەلی ئەندامی پەرلەمانی ئێستای کوردستان پێشمەرگەبوون دەکوژێت).

شاسوار مامە وەکو راپۆرت نووسێکی شارەزا و لێزان، دووی کردووە بە (2) و شەهیدکردنی کردووە بە کوشتن. هەروەها ناوی تەواوی ئەو ئەندام پەرلەمانەی کوردستانی نەنووسیوە بۆئەوەی قۆپیەکەی لێ ئاشکرا نەبێت!

سەرۆک جاشی فەوجی نەوەد یەک عەباسی بایزی باڵو ئاغا، کۆمەڵێک پێشمەرگەو هاووڵاتی تری شەهیدکردووە کە رۆژ و ساڵی شەهید کردنیان بۆمان دیار نییە بۆیە ناوەکانیان بەیەکەوە دەنووسم، کە بریتیین لە: (شەهیدکردنی ئەحمەد قادر قەمچوغەیی. شەهیدکردنی ئومێد رەسوڵ سونەیی. شەهیدکردنی برایەک و ئامۆزایەکی سەردار رەسوڵ حەمەد ماخۆبزنانی. شەهیدکردنی پیرۆت عەولا شێخە پێشمەرگەی یەکێتیی. شەهیدکردنی حاجی پیرۆت حەمەد. شەهیدکردنی حەسەن ئەمین ساڵح ژاراوەیی. شەهیدکردنی حەمە ئەبوبەکر چاوشین ژاراوەیی (پێشمەرگە).

شەهیدکردنی خدر حەسەن فەقێ ژاراوەیی. شەهیدکردنی رەسوڵ شێخە عەبدوڵڵا. شەهیدکردنی رەسوڵ حاجی ئالایی زەنگڵانی و کورەکی. شەهیدکردنی رەسوڵ حاجی شەریف چەکوانی. شەهیدکردنی رەمەزان سووره رەمەزان. شەهیدکردنی ساڵح ئیسماعیل سەنگەسەری. شەهیدکردنی سلێمان موراد کاکە عەبدوڵڵا. شەهیدکردنی سەعید حەسەن شیوعی. شەهیدکردنی عەبدوڵڵا ئەحمەد. شەهیدکردنی مامێکی نەبی عومەر قادر گرتکی سەنگەسەری. شەهیدکردنی محەمەد ئەبوبەکر. شەهیدکردنی محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە مام فەقێ. شەهیدکردنی محەمەد کەمال (شیوعی). شەهیدکردنی میرە عەباس مامەند رانیەیی. شەهیدکردنی کانەبی رەسوڵ کانەبی باوانیی. شەهیدکردنی کوری عەبدوڵڵا تاپر (شیوعی). شەهیدکردنی کوری وەستا عەزیزی دوڵێ. شەهیدکردنی ژنێک بەناوی فاتیمە سەعید لەناو سەنگەسەر. شەهیدکردنی فەقێ عەبدوڵڵا) – سەرچاوە: مستەفای حەسەنە گەورە، بەرماڵەکەی حەزرەتی عەباس و شۆرشگێرییەکەی سەرانی کورد، ماڵپەری کوردستان پۆست، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (5.1.2010) + رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (220)، رێکەوتی (3.3.2007)، ل8 + ژمارە (225)، رێکەوتی (14.4.2007)، ل6).

شاسوار مامە: (هەروەها عەباس بایز، تۆمەتبارە بە کوشتنی ئەو هاووڵاتییانە: (ئەحمەد قادر قەمچوغەیی، ئومێد رەسوڵ سونەیی، (2) هاووڵاتی گوندی ماخۆبزنان، پیرۆت عەولا شێخە، حاجی پیرۆت حەمەد، حەسەن ئەمین ساڵح ژاراوەیی، حەمە ئەبوبەکر چاوشین، خدر حەسەن فەقێ ژاراوەیی، رەسوڵ شێخە عەبدوڵڵا، رەسوڵ حاجی ئالایی زەنگڵانیو کورەکەی، رەسوڵ حاجی شەریف چەکوانی، رەمەزان سووره، ساڵح ئیسماعیل سەنگەسەری، سلێمان موراد، سەعید حەسەن (شیوعی)، عەبدوڵڵا ئەحمەد، کوشتنی هاووڵاتییەکی گرتک، محەمەد ئەبوبەکر، محەمەد عەبدوڵڵا (مام فەقێ)، محەمەد کەمال (شیوعی)، میرە عەباس مامەند رانیەیی، کانەبی رەسوڵ کانەبی، کوری عەبدوڵڵا تاپر (شیوعی)، کوری وەستا عەزیزی دوڵا، فاتیمە عەزیز (سەنگەسەر)، فەقێ عەبدوڵڵا).

ناوی ئەو شەهیدانەی کە بەندە یەک لەدوای یەک نووسیوێتی و ئاماژەم بە دوو سەرچاوە کردووە، شاسوار مامە تەواوی ناوەکانی وەکو خۆی تەنانەت بەبێ پش و پێشکردن نووسیوەتەوە، بەمەش قۆپیەی هەم لە مستەفای حەسەنە گەورە، رۆژنامەی هەواڵ و بەندەش کردووە. باشە چۆن دەکرێت بروا بکرێت، کە سەرچاوەکەی سەنگەسەری ئەو راپۆرتنووسە نەزانێت کورەکەی عەبدوڵڵا تاپر ناوی سدیق (فەرهاد) بووە و محەمەد کەمال (شیوعی)، کە محەمەد کەمال نووری (مەلا شۆرش)ی برازای بەهائەدین نوری بووەو هەردووکیان پێشمەرگەی شیوعی بووینەو لە کۆتایی ساڵی (1983)دا لەلایەن جاشەکانی عەباس بایز ئاغادا لە نزیک گوندی بۆسکێنی رانیەی شارۆچکەی ئەو بەناو رۆژنامەنووسە دەستگیرکراون و دواتر لە رێکەوتی (22.7.1984)دا لە بەغدا لەسێدارەدراون! ئەگەر تەنیا قۆپیەکردن بەبوویێت و بەهیچ شێوەیەکیش نە بەدواداچوون و نە راپۆرتی رۆژنامەوانیش بووە!

هەروەها عەباس بایز برایەکی مام جەلال حوسامەدین تاڵەبانی بەناوی شێخ حەمەساڵح تاڵەبانی و دوو کچی ناوبراوی بەناوەکانی نازدار شێخ حەمەساڵح و هێرۆ شێخ حەمەساڵح لە شەوی جەژنی رەمەزان رێکەوتی (30.6.1984)دا لە گوندی کەلکان شەهید کردووە، ئەوەش گوایە لە تۆڵەی کوژرانی دوو خوشکەزای عەباس ئاغا یەکێکیان بەناوی کانەبی کە لە مانگی یونی ساڵی (1984)دا لە گوندی گردجانی سەربە بتوێن کوژران، کە دواتر ئازادی حەمەی گەمحانی سەرتیپی (99)ی بتوێنی پێ تۆمەتبار کرا، کە ئەویش پاش ماوەیەک شەهیدکرا.

شاسوار مامە: (کوشتنی شێخ حەمەساڵح تاڵەبانیو (2) لە کچەکانی بەناوەکانی (نازدارو هێرۆ) لە شەوی جەژنی رەمەزان (30.6.1984)دا لە گوندی کەلکان، پێدەچێت عەباس بایز تۆڵەی کردبێتەوە بەهۆی کوژرانی (2) خوشکەزای لەهەمان ساڵدا لە گوندی گردجان).

باشە بۆ دەبێت تەواوی زانیارییەکانت وەکو زانیارییەکانی بەندەبن؟ نەدەکرا تۆزێک زانیاری زۆرتر لە سەرچاوە سەنگەسەرییەکانت وەربگرتایە؟ لێرەشدا دووی کردووە بە (2)، شەهیدکردنی گۆڕیوە بۆ کوشتن لەگەڵ گۆڕینی چەند ووشەیەکی تر! باشە نەدەکرا ناوی تەواوی هەردوو خوشکەزا کوژراوەکانی عەباسی بایزی باڵو ئاغامان بۆ وەرگریت لە سەرچاوە سەنگەسەرییەکانت، کە تەنیا ناوی یەکەمی یەکێکیان بۆ بەندە ناسراوە بەناوی کانەبی؟

شەهیدکردنی سەید ڕەسوڵی بابە گەورە (سەید ڕەسوڵی دێهقانی) لە ڕێکەوتی (11.1.1988)دا لە گەڕەکی هەوارەبەرزەی شاری سلێمانی، سەید ڕەسوڵ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە رابەرایەتی شەهید عەبدولڕەحمان قاسملو جیا بووەوە و لە سلێمانی دانیشتبوو.

شاسوار مامە: (کوشتنی سەید ڕەسوڵی بابە گەورە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڕەکی هەوارەبەرزەی شاری سلێمانی کە لە (عەبدولڕەحمان قاسملو) جیابووبووەوە).

لێرەدا بەندە هەڵەیەکی لەکاتی وەرگرتنی ناوی ئەو شەهیدە بە تەلەفۆن کردووە، کە لەجیاتی بابی گەورە بابە گەورەم نووسیوە، کەچی شاسوار هەمان هەڵەی دووبارە کردۆتەوە، چونکە لە نووسینەکەی بەندە قۆپیەی کردووە! دواتر لەگەڵ کوڕی شەهیدی ناوبراو قسەم کرد و ناوی تەواوم لێوەرگرت و هەڵەکەشم راستکردەوە، ئەوەی تەماشای هەر دوازدە بەشی بابەتەکەم بکات کە لەیەک فایلدا لەسەر تاوانی سەرۆک جاشەکان و مەفرەزە تایبەتییەکان لەو دواییەدا بڵاوکرایەوە، زانیاری نوێ و راستکردنەوەی هەڵەکانی پێشوومی لەسەر ئەو تۆمەتبارە و تەواوی تۆمەتبارەکانی ترو قوربانییەکانی دەستی ئەوانیان تێدا بەرچاو دەکەوێت.

فەوجی (91)ی جاشە سووکەکانی عەباس بایز باڵو ئاغا، بەشداری هەریەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو – سەرچاوە: (ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارە (6536)، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.4.1988)و، سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت – سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، ل148+166).

شاسوار مامە: (بەپێی سەرچاوەکان، عەباس بایز باڵو ئاغا بەشداریکردووە لە ئەنفالەکانی (1، 2، 5، 6، 7).

باشە خێرە شاسوار مامەی ڕاپۆرتنووس و ڕۆژنامەنووس، ناوی ئەو سەرچاوانەی نەنووسیوە کە دەیسەلمێنێ عەباسی بایزی باڵو ئاغا بەشداریکردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1، 2، 5، 6، 7)؟ باشە ئەوەشی هەر لە سەرچاوە سەنگەسەرییەکانی خۆی وەرگرتووە؟ ئاخر بەر لە هەموو کەسێک ڕۆژنامەنووس و ڕاپۆرتنووسەکان دەزانن کە ناکرێت تەنیا بنووسیت بۆ نموونە: بەپێی سەرچاوەکان، عەباس بایز بەشداری ئەوەندە شاڵاوی ئەنفالەی کردووە، کەچی ناوی سەرچاوەکە نەنووسن!

لە ساڵی (1994)دا عەباسی بایزی باڵو ئاغا و جاشەکانی، لەکاتی بەڕێکردنی هێزێکی گەورەی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرشتی قادری حاجی عەلی لە ڕێگای سەنگەسەرەوە بەرەو حاجی ئۆمەران، کە شەڕی نێوانی یەکێتیی و پارتی لە سەرەتادا بوو، لە گەڕەکی جاشاوەی عەباس بایزدا (کە دوای دەرپەڕاندنی عەباس ئاغا ناوەکەی گۆڕا بۆ ئازادی) تەقەیان لە هێزەکەی یەکێتیی کردوو دوو پێشمەرگەیان شەهید کرد، کە سەربە هۆزی هەمەوەندی و دانیشتووی چەمچەماڵ بوون. لە تۆڵەی ئەو دوو شەهیدە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاریدا پەلاماری عەباسی بایزی باڵو ئاغا بدات، بەڵام ئێران فشاری زۆری بۆ یەکێتیی نیشتمانیی هێناو، مام جەلال بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە.

عەباسی بایزی باڵو ئاغا، لە ساڵی (1995)دا لاوێکی شاری خانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەناوی ئاکۆ شەهیدکرد.

شاسوار مامە: (هەروەها تۆمەتباریشە بە کوشتنی (2) پێشمەرگەی یەکێتی لە هۆزی هەمەوەندی ناوچەی چەمچەماڵ، لە سەنگەسەر لەساڵی (1994)داو کوشتنی لاوێکی شاری خانەی خۆرهەڵاتی کوردستان بەناوی (ئاکۆ) لە ساڵی (1995)دا.

باشە بۆ شاسوار وەکو بەندە تەنیا ئاماژەی بە هۆزی دوو شەهیدەکەو شوێنی نیشتەجێبوونیان کردووە، کە لە هۆزی هەمەوەند و چەمچەماڵین؟ باشە بۆ تەنیا ناوی یەکەمی شەهید ئاکۆی نووسیوە لەگەڵ ناوی شارەکەی کە خانەیە؟ ئەگەر ئەو هەموو زانیارییانەی لە بابەتەکەی بەندە قۆپیە نەکردبێت؟ دیسان دووی کردووە بە (2)، شەهیدکردنی کردووە بە کوشتن و ڕۆژئاوای کوردستانی کردووە بە خۆرهەڵاتی کوردستان!

هەروەها عەباس بایز باڵو ئاغا، فەرماندەی فەوجی (91)ی فەوجە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو، ژمارە (108)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

شاسوار مامە: (عەباس بایز باڵو ئاغا، فەرماندەی فەوجی (91)ی رژێمی بەعس لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو ژمارە (108)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان).

ئەوەی کە شاسوار مامە لەو کۆپلەی سەرەوەدا واتە دوا کۆپلەی بەندەدا کردوویەتی تەنیا گۆرینی فەوجە سووکەکان بە رژێمی بەعس و هەروەها لابردنی ووشەی (ناوی) ناو ئەو کۆپلەیەیە، ئەگینا ئەو کۆپلەیەی بەندەی بەتەواوی کۆپی کردووە، خۆ ناشکرێت بڵێت ئەوەشیانم لە سەرچاوە سەنگەسەرییەکەم وەرگرتووە؟

عەباس بایز بالو ئاغا، بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، رێکەوتی (2.5.2007)دا، ناوبراو دوای راپەرین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پەیوەندی ژێر بەژێری لەگەڵ رژێمی سەدامی عروبەو بەعس هەر هەبووە تاوەکو رووخانی رژێم لە رێکەوتی (9.4.2003)دا پەیوەندی بەردەوام بووە. عەباسی بایزی باڵو ئاغای کۆنە سەرۆک جاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان، ئێستاکە بەرپرسێکی بەرزی سەربازی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەو بەدەیان سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە لەلایەن کەسوکاری قوربانییەکانی دەستی ئەو راوێژکارە تاوانبارە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادە نییە رادەستی دادگای بکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی سەرۆکی ئەو پارتە مەسعود بارزانی، هەردەم ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە: (یاسا لە کوردستان سەرورەرە و یاسا لە سەرەوەی هەموو کەسێکەوەیە).



شەهید محەمەد حەسەن ئەحمەد
23.7.1983



شەهید مامۆستا ئەمین حەسەن ئەحمەد 27.9.1981

# بەتۆمەتی داڵدەدانی راوێژکارانی بەعس، سکاڵا لەسەر بارزانی تۆماردەکرێت

## رۆژنامە ناوی ئەو پێشمەرگەو هاوڵاتییانە بڵاودەکاتەوە که دوو مستەشاری بەعس تۆمەتبارن بە کوشتنیان



عەباس بایز باڵوئاغا

راپۆرتی: شاسوار مامە

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەو داواکارییەی کەسوکاری قوربانییانی دەڤەری پشدەری جێبەجێ نەکرد که داوایانکردبوو، دوو له راوێژکارەکانی بەعس که ئێستا لەهەولێر دەسورێنەوە، بەسزای یاسایی بگەیەنرێن و بەوهۆیەشەوەو بەتۆمەتی داڵدەدانیان، لەدادگا سکاڵا لەسەر بارزانی تۆمارکرا.

هەردوو راوێژپێکراوانی سەردەمی رژێمی بەعس، عەباس بایز باڵو ئاغاو برایم ئاغای کانەبی، که تۆمەتبارن بە بەشداریکردن لەئەنفال و کیمیابارانو کوشتنی هاوڵاتییانی کورد له سەردەمی رژێمی بەعس، چەندین داوای یاساییان لەدادگاکانی کوردستانو دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەسەر تۆمارکراوە، بەلام تا ئێستا بە ئازادی دەسورێنەوە، حیزبی دەسەڵات دەیانپارێزێت.

ئەبی عومەر، هاوڵاتییەکی خەڵکی گوندی گرتکەو وتی: «چەندینجار داوامانکردووە ...

ی پشدەر، هێزێکی پێشمەرگەی پارتی سۆسیالیست بە سەرکردایەتیی (حاجی برایم شیرخۆر) که ئەوکات ئەندامی سەرکردایەتیی ئەو پارتە بوو، کەوتنە بۆسەی عەباس بایز فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (٩)ی سەر بەئیستخباراتی قەڵادزێو پیاوەکانی توانییان (١٠)پێشمەرگە بە ناوەکانی (حەسەن سور زاراوەیی، حەسەن حوسێن حەسەن، حوسێن عەبدوڵلا محەمەد، خدر حەمەسور پشدەری، رەسول سلێمان سەنگەسەری، محەمەد هەمزە قەجەر زاراوەیی، مەحمودحاجی محەمەد، فەقێ عەبدوڵلا فەقێ، عەبدوڵلا هەمزە

له خۆپیشاندەران نەکەن، جگه لەوەی (٢)برا بەیەکەوە بەناوەکانی (رەسوڵ سلێمان مینەو حاجی سلێمان مینە) لەساڵی (١٩٨٢)لە گوندی گرتک دەکوژێت.

لەلایەکی ترەوە، عەباسی بایز باڵو ئاغا، تۆمەتبارە بەکوشتنی قادر لاجانی، کوردی ئاوارەی خۆرهەڵاتی کوردستان بەبەرچاوی ژنو منداڵەکانییەوە له سەنگەسەر لەساڵی (١٩٨٢)داو بریندارکردنی میوانێکی ناوبراو که دواتر بەهۆی برینەکەیەوە قاچی برایەوە.

له (١٩٨٣/٧/٢٣)دا عەباس بایزو سیخورێک بەناوی (جەلال حەمەد ئەمین سەروچاوەیی)، (٢) پێشمەرگەی یەکێتی که ئامۆزابوون بەناوەکانی (محەمەد حەسەنو حەسەن حوسێن) له گوندی سەیداوای رانیە دەکوژن، دواتر عەباس بایز هەرخۆی سیخورەکەشی کوشت.

لەساڵی (١٩٨٤)دا عەباس بایز له دەربەندی رانیە (٢) پێشمەرگەی یەکێتی که لای عەبدوڵلای مام عەلی ئەندامی پەرلەمانی ئێستا ی

رەمەزان (١٩٨٤/٦/٣٠) له گوندی کەلکان، پێدەچێت عەباس بایز تۆڵەی کردبێتەوە بەهۆی کوژرانی (٢)خوشکەزای لەهەمان ساڵدا له گوندی گرتجان.

کوشتنی(سەید رەسولی بابە گەورە) ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەرەکی هەوارەبەرزەی شاری سلێمانی که له (عەبدولرەحمان قاسملو) جیابووبووەوە.


هەروەها تۆمەتباریشە بەکوشتنی (٢) پێشمەرگەی یەکێتی له هۆزی هەمەوەندی ناوچەی چەمچەماڵ له سەنگەسەر لەساڵی (١٩٩٤)داو کوشتنی لاوێکی شاری خانەی رۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی(ئاکۆ) له ساڵی (١٩٩٥)دا.

بەپێی سەرچاوەکان، عەباس بایز باڵو ئاغا بەشداریکردووە لە ئەنفالەکانی (١، ٢، ٥، ٦، ٧) ...

ماڵەکانمانو تۆڵەکردنەوە لەو (٢)تاوانبارە». وتیشی: «ئەو کەسانەی راسپێردرابوون بۆ کوشتنم، نەیانتوانی من بکوژنو لەئێستاشدا من (٢)سکاڵام لەسەر عەباس بایز هەیە، یەکێکیان بەهۆی کوشتنی براکەمو ئامۆزاکەم، دووەمینیشیان بەهۆی هەوڵی کوشتنی خۆم».

سەردار رەسول، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: «عەباس بایز خۆی لەژێر باڵی پارتی پاراستووەو ئەگەر پارتی پشتگیریی نەکردایە، ئێستا دەدرایە دادگا».

رۆژی (١٢/١٥) له دادگای بەرایی پشدەر، کەسوکاری قوربانییانی دەڤەری پشدەر، سکاڵایەکی یاساییان لەسەر مەسعود مستەفا بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان تۆمارکرد، بە تۆمەتی داڵدەدانی (عەباس بایزو برایم کانەبی) تۆمەتبارانو راوێژپێکراوان لەسەردەمی بەعس، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن،



29/12/2010

